





# دەسبەندی نەرم دەستەکانت سەرنجراکێشتر دەکات

لـە وەرزی زسـتاندا، خشـل و ئێکسسـوار ئەوەنـدە بەرچاو نابـن، بەهـۆی ئـەوەی لـەم وەرزەدا جلی زۆر لەبـەر دەکرێن، هەروەها ئەو شوێنانەی کە لە وەرزەکانی دیکە بە دەرەوە دەبن، لەم وەرزەدا بەهۆی سەرماوە دادەپۆشرێن، هەر بۆیە خانمان لە زستاندا ئەوەندە بایەخ بە ئێکسسوارەکانیان نادەن، ئەو شوێنەی کە ئێکسسواری بۆ دادەنرێ و لەو کاتەدا دەردەکەوێ دەستە، بۆ دەستیش دەتوانین چەندین خشل و ئێکسسوار هەڵبژێرین، وەك، کاتژمێـر، بـازن، دەسـبەند، قایشـی دەسـتە، خانمانیش دەتوانن بە پێی چوونیان بۆ ئەو شوێنەی مەبەستیانە یەکێك لەو ئێکسسـوارانە لە دەست بکەن، چاکتریشـە ئافرەتان بزانن چ جـۆرە ئێکسسـوارێك بـۆ چ شـوێن و کاتێـك گونجاوە، بۆ ئەوانەی دەوامی فەرمیان هەیە لە دام و دەزگاکاندا، واچاکە کاتژمێـر و دەسـبەندێك لـە دەست بکـەن، بـۆ ئـەو کچانەی دەچنـە زانکـۆ، واجوانـە دەسـبەند بە تەنیـا لە دەسـتەکانیان بکەن، بۆ چوونە دەرەوە و بازاڕ، دەسـتبەند و بازن گونجاوە، بـۆ ئاهەنـگ و زەماوەندەکانیش، دەتوانی بازن و دەسـبەند لە دەسـت بکەیت، دەسـبەند بۆ ئەو وەرزە شـیاوە، بەهۆی ئەوەی وەرزێکی ساردە و لە دەست کردنی بازن و کاتژمێر بە تایبەت ئەوانەی لە ئاسنن، زیاتر دەستت سارد و بێزارت دەکات، بۆیە وا چاکـە دەسـبەندی لـە پـەڕۆ و قومـاش و قایش لەدەسـت بکەیت، هەم دەستت سارد ناکات و سەرنجڕاکێشە لە جوانیدا.

## ٥ جۆرە پۆتێک بۆ کاتەکانی سەرما هەڵدەبژێریت؟



پسپۆڕانی هەڵبژاردن و دیزاینی جلوبەرگ، لە بارەی مۆدی پووتی زسـتانە دەڵێن: پووت یەکێکە لە کەرەسـتە سەرەکییەکانی جلوبەرگ بۆ پاراسـتنی قاچ و پێی خانمان لە وەرزی سـەرما و سـۆڵە جێگـەی بایەخـە، هەروەها جێگەی پێـڵاو دەگرێتەوە و تەنانـەت پارێـزگاری لـە قاچ و پێـی خانمانیش دەکات، وێڕای ئـەوەی پـووت لەگـەڵ کراسـی درێـژ و پانتـۆڵ و تەنوورەشـدا دەگونجێـت، ریمـا دەڵـێ: جوانتریـن مۆدەکانی پـووت لەم (٥) جـۆرەدا خۆیـان دەبیننـەوە، مۆدەکانیـش لە نیو پـووت و پووتی درێژ پێکدێن، خانمانیش ئازادن کامەیان بە دڵە و ئەو هەڵبژێرن، زۆربەشـیان لە پێسـت و قایش و سـووف دروسـت کراون، ئێوەش دەتوانن یەکێك لەو چەشنانە هەڵبژێرن و لە پێی بکەن:

- پووتـی فـەروو و پێسـت: یەکێکە لـە مۆدەکانی پووت، کە لە فەروو و پێست دروست کراون، بۆ ئەوانەیە کە هەردەم هەست بە ساردی قاچەکانیان دەکەن، بەسوودە، ڕەنگی ئەو مۆدە رەش و قاوەییە.

- پووتـی بـە قەیتـان و داوداو، مۆدێکـی سەرنجڕاکێشـە، هەندێکیـان بە قەیتانی سـەر پێیەکانـەوە رازاوەتەوە، هەندێکی دیکەش بە داو کە زۆربەی قاچ دادەپۆشـێت تا دەگاتە سـەر ئەژنۆ، ڕەنگی ئەو مۆدە سوور و شین و سپی لە خۆ دەگرێت.

- پووتی کریستاڵ و ستراس، شێوازێکی جوان و نایابە، بۆ ئاهەنگ و زەماوەند لەپێ دەکرێ کە بە کریستاڵ و ستراسی وردە مـووروو رازاوەتـەوە، رەنگەکانـی زیاتـر پەمەیی و سـەوز و نارنجییە.

- پووتی شامۆ، مۆدێکی دیکەی پووتەکانی ئەو وەرزەیە، کە ماددەی شـامۆ دروسـت کراوە و بە قوماشـیش داپۆشراوە، نەرم و نیانە، بۆ ئەوانەیە هەست بە گەرمی پێی و قاچەکانیان دەکەن، لە زۆربەی رەنگەکاندا رەنگ کراوە، بە تایبەت زێڕیی و خاکی و شەکەری.

- پووتـی بـە پاژنـە و فـلات، وەك چـۆن پـووت کـورت و درێـژی هەیـە، هەروەها بـە پاژنە و بێ پاژنەش دەبنە مۆدی ئێستا، بەڵام زیاتر پووت دەبێ فلات بێ و پاژنەی نەبێ، تا شێوەی ڕۆیشتنی خانمان جوان و بێ گرفت بکات.





# ڕێنمایی و هەنگاوەکانی مەساجی دەم و چاو

پاراستنی روخسارت، ئەرکێکی بەردەوامە و پێویستە رۆژانە پاکی بکەیتەوە و ئاگاداری بیت، هەروەها ئەگەر ماوە ماوە مەساجیشی بۆ بکەیت، سەر و چاوت زیاتر جوانتر و سەرنجراکێشتر دەبێ، مەساجی دەم و چاو کۆمەڵێك سوودی هەیە، لەوانە: نەهێشتنی چرچ و لۆچ، گەشانەوەی پێست و دەم و چاو، پاککردنەوەی پێست، زیندووکردنەوەی خانەکانی پێستی روخسار، لە بارەی چۆنیەتی مەساجکردنێکی دروست بۆ روخسار، پێویستە خانمان ئەو رێگا و رێکارانە بگرنە بەر، تا بتوانن روخساریان بە مەساجکردن جوانتر و گەشاوەتر بکەن :

- سەرەتا دەبێ دەم وچاو بە جوانی پاك بکرێتەوە، کە ئەوەش بە لۆکە و پەمووی نەرم، یان بە کەرەستەکانی پاککردنەوەی روخسار وەك بەکارهێنانی هەڵمی بۆ ماوەی (١٠) خولەك.

- پاشان گیراوەیەکی تایبەت هەیە بە گوێرەی پێستەکە بەکاردەهێنیت، دەبێ گیراوەکە بۆ ماوەی (٥) خولەك بمێنێتەوە.

- پاشان دەم و چاو دەشۆردرێت و ماسکێکی دیکە دەکرێت کە پێدەگوترێت (پۆدرەی ماسکە) لەگەڵ هەنگوین و ئاوی میوە، بە گوێرەی پێستەکە، ئەگەر پێستەکە وشك بوو، ئەو پۆدرە لەگەڵ هەنگوین دەگیرێتەوە، ئەگەر پێستەکە چەور بێت، لەگەڵ ئاوی لیمۆ یان پرتەقاڵ، بۆ ماوەی (١٥) خولەکی دیکە پێوەی دەمێنێت، دەیشوات، دواتر کرێمی نەرمکردنەوەی پێست و روخسار کە هەر خانمێك کامەی لەلا پەسندە دەتوانن ئەو جۆرە بەکاربهێنن.

- شێلانی دەم و چاو، پێویستە کەمتر نەبێت لە (٥) خولەك، بەڵام مەرجە شێلان بە رۆنی سرووشتی بێت، واتە یەکێك لەو جۆرە رۆنانەی کە لە میوە و سەوزەی سرووشت دەکرێن، بەکاربهێنرێن، تا مەساجەکە تەندرووست و بە ئەنجام بێت، ئەو رۆنانەی بۆ مەساج بەکاردەهێنرێن بریتین لە : رۆنی گوێزی هیندی، رۆنی زەیتی زەیتوون، رۆنی بادەم چەور بکرێت، چونکە بەبێ رۆن مەساجی دەم وچاو لە جیاتی سوود، زیانی بۆ روخسارت دەبێت.

- رێگەی ئاراستەکردنی مەساج کردن پێویستە بەم جۆرە بێت، لە چەناگەوە دەست پێبکەین تا دەگەینە نێوچەوانی سەر، کە ئەوەش دەبێ بە بەکارهێنانی سەری پەنجەکانەوە و بە جووڵەی بچووك لە خوارەوەی چەناگە بۆ سەرەوەی روومەت، بۆ روومەتیش بە جووڵەی بازنەیی بە سەری پەنجەکانەوە مەساج دەکەیت،، هەروەها بۆ پشت چاو و ژێر چاو، دەبێ لە لەلای لووتەوە بەرەو دەرەوەی چیوە چاو بشێلیت، واتە دانانی پەنجەت بە شێوەیەکی کەوانەیی، کە لە لووت دەستپێدەکەیت تا دەگەیتە کۆتایی برۆ دەیشێلیت، بۆ لووتیش دەبێ بە جوولەی ئاسۆیی بێت، لە خوارەوەی لووت بۆ سەرەوە.







## ئاسەواری گردێکی پێ

کوردســتان بە هەزارەها شوێنەواری کۆن و ئاسارەوە دەوڵەمەنـدە، تەنانـەت هەندێـك لـە مێژوونووسـان سـەرەتای ژیانـی مرۆڤی نیاندرتـاڵ دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ناوچە شـاخاوییەکانی کوردستان کە لێرەدا ژیاون، نموونەش بۆ قسـەکانیان ئەشـکەوتی شـانەدرە، ئەوەتا شـوێنەوارێکی دیکەی گرنگ لە باشـووری شـاری هەولێـر هەیـە، کـە بە گردی (کلك مشـك) ناسـراوە، مێـژووی ئـەو شـوێنەوارە دەگەڕێتـەوە بـۆ (٤٠٠٠) سـاڵ پێـش زاییـن، دوای ئـەوەی بـۆ یەکەمیـن جار لە سـاڵی (١٩٤٦) پشـکنین و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، تەنانەت سـەدان شاندی ئاسەوارناسانی جیهان سەردانی ئەو شـوێنەیان کردووە، ئەو شـوێنە ناوچەیەکی دێرینی هەولێـرە و بـە دووری (٥ تـا ٧) کیلۆمەتـر لـە قەڵای هەولێـرەوە دوورە، زۆربـەی زانیارییـەکان دەگەڕێتەوە بۆ

## منداڵی راستەقینە

هیچ شـتێك لە منداڵێکی سـاوادا جوانتر و ناسـکتر نییە، ئەگـەر لـە دوورەوە سـەیری ئـەو منداڵانـە بکەی، هەسـت و سـۆزت بۆیـان دەچـێ، دەڵـێ دەبێ کـێ دایـك و باوکی ئەو منداڵە جوانانە بێت ! بیرۆکەی ئەو منداڵانە جوانانە لەلایەن کچێکە لە وڵاتی ئیرلەندا بە ناوی (بلێندا راگز)ە، کە خۆی لـە بـواری پەیکەریـدا شـارەزایە و چەندیـن کەرەسـتەی وای







## سەیرترین نمایش لە ئاسمانەوە

چینییەکان وێڕای ئەوەی زۆرینەی جیهانن لە ژمارەی دانیشتووان، وادیارە دەیانەوێ پێشەنگیش بن لە هەموو بوارێکدا، ئەوەتا گەورەترین و سەیرترین نمایشی مرۆڤیان لە ئاسمانەوە ئەنجامدا، دوای خۆ ئامادەکردن و مەشقی چەند رۆژە، قوتابیانی پەیمانگای (تاگوا مارتال)ی چینی، جوانترین و سەیرترین نمایشان پێشکەش کرد، کە نمایشەکە لە ئاسمانەوە بە گوریسەوە بوو، نزیکەی (١٥٠) کەس بەشداریان لەم نمایشە کرد، لە نمایشەکەدا، بە جۆرێك خۆیان دەجووڵاندەوە کە وێنەی بازنەیی و شێوەی ئەندازەییان دەنەخشاند، کە وەك ئەوەی بە دەست کێشرابێت، نمایشەکە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند و بەبێ ئەوەی کەسێکیان بکەوێت، ئەو نمایشە لە یاریگای (نانجیگ نیگ) بەڕێوە چوو، بە ئامادەبوونی زۆربەی خەڵکەوە، کە بووە جێگەی سەرسامی ئامادەبووانی نمایشەکە.








## ش زایین لە کوردستان

هەزارەی دووەمی پێش زایین، دوای چەندین لێکۆڵینەوە و پشکنین گوڕێك دەرکەوت، کە بە شێوازێکی تۆکمە و توند دروست کرابوو، گۆڕەکە گۆڕی ئافرەت بووە و وادیارە کەسایەتیەکی گرنگی ئەو ناوچەیە بووە، درێژی ئەو گردە لە باشوور بۆ باکوور (٢٩٠) مەتر دەبێ و هەروەها (٢٤٠) مەتر درێژە لە باکوورەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەرزیشی لەسەر ئاستی دەریاوە دەگاتە (٤٠١) مەتر و هەروەها (١٥) مەتریش لەسەر ئاستی زەوی، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە کە دەگوترێت پێشتر لەو گردەدا مشکێکی زۆر هەبووە، بۆیە بەو ناوەیان ناساندووە و تا ئێستاش ناوێکی زانستیمان بۆ نەدۆزیوەتەوە، پێمان باشە کە ئەو شوێنە ئاسەوانە پشتگوێ نەکرێ، چونکە سامانێکی نەتەوەیی و کۆنی کوردستانە.

## یان بووکەشووشە


دروست کردووە کە وەك ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو کۆمەڵە منداڵەشی لە پلاستیکی نەرم کردووە، شێوە و ڕوخساریان تەواو لە منداڵێکی ئاسایی دەچێ، ئەوە نەبێ کە ڕۆحیان لەبەر نییە و بووکە شووشەن، تەنانەت تا لە نزیکەوە دەستیان لێنەدەیت، هەست ناکەی کە بووکە شووشەیە، هەر وادەزانی منداڵی ڕاستەقینەن.





## شەقامێک لە شیرنەمەنی


وڵاتانی جیهان، هەر یەکە بە کاری خۆیەوە سەرقاڵە، لە هەندێ وڵات شەڕ و ناخۆشییە، لە هەندێکی دیکەش شامی ئامانە، ئەگەر وڵاتی چین بە نموونە وەربگرین، بەهۆی زۆری دانیشتوانی، ڕۆژانە کاری سەیر لەو وڵاتە دەکرێ و ئەنجام دەدرێ، ئەوەتا تازەترین کارە سەمەرەکانیان، بریتییە لە دروستکردنی بەرماڵێکی سەر شەقام لە شیرنەمەنی و شەکرۆکە، کۆمپانیایی ئای ئێف ئیسی تایبەت بە دروستکردنی شیرنەمەنی لەو وڵاتە، لە یادی ساڵانەی خۆیدا، هەڵسا بە دروست کردنی گەورەترین و درێژترین بەرماڵە شیرنەمەنی، کە درێژییەکەی (٢٣) پێ بوو، واتە دەکاتە (٢٧٦) مەتر، ئەوەی جێگەی باسە نزیکەی (٢٠٠٠) کارمەندی شیرینی ئەو کۆمپانیایە بەشداری دروست کردنی ئەو شەقامە شیرینییە بوون، کارەکەش بە (٥) ڕۆژ تەواو بوو و بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و گەشتیاران.





## پەند و وتە

ویلیام بیل کۆسبی، کەسایەتی کۆمیدیای ئەمریکی و میوزیشیان و نووسەر، ساڵی (١٩٣٧) لە دایکبووەو یەکێکە لەو کەسانەی هەمیشە وتەی بە نرخی هەیە، دەربارەی سەرکەوتنی خەڵك دەڵێ: نازانم نهێنیی سەرکەوتن لە چیدایە، بەڵام نهێنیی شکست لەوەدا دەبینم کاتێك بتەوێت هەموو لایەك لە خۆت ڕازی بکەیت.



## نـــوکتـــە

کچێك و کوڕێکی کەم ئەقڵ خۆشەویستی یەکتر دەبن، کچەکە ڕۆژێکیان ویستی بزانێت کەی کوڕەکە دێتە داوای و دەیکات بە بووك و جلی سپی بووکێنی بپۆشێت، بە کوڕەکە دەڵێ: گیانەکەم کەی جلی سپی لەبەر دەکەم؟ کوڕەکەش دەڵێ: کە مردی ئەو کاتە جلی سپیت لەبەر دەکەن !

# بۆ زانیاریت

### مێژووی یاری شەترەنج

بیردۆزی زۆر هەیە دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی یاری شەترەنج و چەندان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسان مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پەیامبەر سولەیمان، و هەندێکی دی دوورتر دەڕۆن و دەڵێن لە سەردەمی فیرعەونەکاندا سەری هەڵداوە وە هەندێکیش دەڵێن مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی نێوان دوو ڕووبار ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز، بەڵام مێژوونوسی شەترەنج «دونکان فۆربس» دەڵێت: مێژووی سەرهەڵدانی یاریەکە دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا و لە هیندستان سەری هەڵداوە، ئەمەش زیاتر ڕێی تێدەچێت.

یاری شەترەنج لە هیندەوە گەشەی کرد لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەت (Gupta)، هندییەکان پێیان دەوت: (Chaturanga)، پاشان گواسترایەوە بۆ ئیمپڕاتۆریەتی فارس، دواتر بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گواسترایەوە پاش فەتحی وڵاتی فارس لەلایەن موسوڵمانانەوە. پاش فەتحی ئەندەلوس ئەوا شەترەنج بڵاوبویەوە بە ئیسپانیا و پاشان بە ئەوروپادا. یەکەم تەختەی یاری شەترەنج بە هەردوو ڕەنگەکەی ڕەش و سپی لە ئەوروپا بووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٩٠ ز. زانایانی دەروونی ئامۆژگاری دەکەن کە یاری شەترەنج ئەنجام بدەین وەك ڕێگایەك بۆ بەهێزکردنی یادگە، هەروەها یارمەتی کەسێك دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانی لە ژیانی ئاساییدا، لات نامۆ نەبێت کاتێك دەبیستیت کە شەترەنج ڕکابەرێکی سەختی نەخۆشی لە بیرچوونەوەیە. هەندێك وڵات بە سەربازی شەترەنج دەڵێن سەربازی پیادە، لە کاتێکدا لە ئەڵمانیا و ئیسپانیا پێی دەڵێن جووتیار .

## پوختەی فیلم



بالّندەی سوور- Red Sparrow

درامایەکی ئەکشنە و باس لە دوو کەسایەتی دەکات کە یەکێکیان بە ناوی (پریما باڵیرنا) ڕووبەڕووی (دۆمینیکا ئیگیۆرڤا) دەبێتەوە، دوای ئەوەی کێشە دەکەوێتە کار و باری هەردووکیانەوە پاشان کارەساتەکە هاوشێوەی قوتابخانەی سپارۆی لێدێت، کە لەو قوتابخانەیەدا تەنیا بیر و هۆشیان وەك چەکێك بەکاردەهێنن، دواتر کەسایەتی دیکە لە هەواڵگری بەناوی (باڵندەی سوور) بۆیان دەردەکەوێت و کە کارەکە تەواو دەکات، فیلمەکە لە نواندنی (جینیفەر لۆرێنز و جوێل ئیدگێرتۆن و جێریمی ئارۆنس)ە، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێرە و لە وڵاتی ئەڵمانیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (فرانسیس لۆرێنز)ە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەنگاوەکانت بەرەو ڕێگەی چارەسەری دەڕۆن و لەم ماوەیەشدا کێشەکانت ئاسانتر چارەسەر دەبن، دڵنیایی بدە ئەو کەسەی کە لە دڵتە، ماوەیەکە دەتەوێت نهێنیەك بۆ هاوڕێکەت باس بکەیت و وا هەست دەکەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بیزانێت، ئێستا ئەو نهێنیەی پێ بڵێ، ئەویش نهێنیەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

سوود لە بیر و قسەی کەسانی دیکە وەربگرە و مەهێڵە بە ئاسانی بە سەرتدا زاڵ بن، کەسێك دڵی لەلاتە و تۆی دەوێ، چەند گرفتێك دەبنە هۆکاری دڵتەنگی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە، بەڵام ناکرێت بێ هیوا بن، لەبەر ئەوەی ئەوەی بەوە ناسراون کە توانایان هەیە و بە ئاسانترین شێوە چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

واهەست مەکە کەسێکی گرنگ نیت لە هەستی کەسێکی نزیکتدا، بەڵکو تۆی لەلا گرنگە و ئاگاداری بە، هەوڵبدە زیاتر نزیکی ببیتەوە و ڕێگەی بدە تا بۆت بسەلمێنێت، وا هەست دەکەی کەسی بەرامبەر تۆی لەیاد کردووە و وەك جاران تۆی خۆش ناوێت، زیاتر هەست بە کەسانی دەوروبەرت بکە و پشتگویان مەخە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەنگاوەکانت بە جوانی ڕێگەیان گرتووە و تەنیا بتوانە بەردەوام بی لەسەریان تا دەگەیتە ئەنجامەکان، پێشبینی کارێکی باشی خۆت بکە، چونکە ماوەیەکی زۆرە خەریکی بوویت، بڕیاری خێرا مەدە و باش بیر بکەوە، پەلەکردن لەوانەیە کاریگەری نێگەتیڤ دروست بکات و دواتر هەست دەکەی هەڵەیەکی گەورەت کردووە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسێکی بەهێزی کە ئەوەندە بەرگەی کێشە و گرفتەکان دەگریت، بەڵێنت بە کەسێك دابوو کە چی جوانە پێشکەشی بکەیت، لە بیری مەکە و هەوڵبدە زیاتر لێی نزیك ببیتەوە، کارەکانت شایستە و جێگەی دەستخۆشین، بەڵام کەس نییە وات بۆ بکات، لە بواری هەستەوە کەسێکی بە بەزەیی و هەردەم خۆت دەکەیتە قوربانی .

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەسێکی سادە و سانای، هەر ئەوەشە وایکردووە کە کەسانێکی هەبن کێشە و گرفتت بۆ دروست بکەن، مەهێڵە کارەکانت بشێوێنن و خۆت سەرپەرشتییان بکە، بەشێوەیەکی گشتی هەست بە ئاسوودەیی دەکەی لە ڕۆژانی داهاتوودا بەهۆی ئەوەی یەکێك لە خەونەکانت دێتەدی، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.



# جلوبەرگ بۆ دار و بار




لە ژمارەکانی پێشوودا، باسی ئەو پیاوە بە تەمەنە ئوستراڵیەمان کرد، کە جلی بۆ بەتریق چێ کردووە، وادیارە چینییەکان دەیانەوێ لەو بوارەشدا پێشەنگ بن، کە ئوستراليا جلی بۆ باڵندەکان دەچنن، بەڵام چینییەکان جلوبەرگ بۆ دارەکانی سەر شەقامەکان ئامادە دەکەن و لەبەریان دەکەن، لە شاری (شەنگهای چینی)، و لە شەقامی (نانشتانگ) لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنەوە چەندین جلی جۆراوجۆر و ڕەنگاورەنگیان بۆ دارەکانی سەر شەقامەکەیان چنیوە و ئامادەکردووە، ئەو کارەشیان بە مەبەستی پاراستنی دارەکانە لە سەرما و شەختە و بەستنە، جگە لەوەش وەك کارێکی ناوازە تا دارەکانی سەر شەقامەکیان بە جلوبەرگی جوانەوە برازێتەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین ئاژەڵ هەن، کە زۆربەیان گوێدرێژی کێوین، جگە لە گوێدرێژی کێوی، ئاژەڵی دیکەش دەبینرێت، هەوڵبدە لە ماوەی (١) خولەك هەموو ئاژەڵەکان بیدۆزەوە و ناو و ژمارەشیان دیاری بکەیت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ژیانی خۆشی و جیاوازی نێوان خەریکبوونی خەڵك بە کات بەسەربردن، کە هەندێکیان لە خۆشیدان و بەشێکی دیکەی خزمەتی ئەوانە دەکەن کە کات بەسەر دەبەن، هەروەها گوزارشت لە تەمەنیش دەکات، ئەوانەی گەنجن و ئەوانەی تەمەنیان زۆرە هەر یەکە بە جۆرە کارێك خەریکە.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئاراستەی سەرکەوتنەکان بەرەو ڕووت دێن و لەم کاتەدا جێگەی بایەخ و گرنگی تۆن، بیر لە کێشەکانی رابردوو مەکەرەوە و بۆ داهاتوو هەوڵبدە، دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام و باشتر هەوڵ بدەی بۆ ئەوەی کەسانی تر متمانە بە تواناکانت بکەن، خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە کاتی نییە وەك جاران قسەت لەگەڵ بکات.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بڕیاری کۆتایی خۆت و ئەو کەسەی دڵی لەلای تۆیە گرنگە و ژیرانە بڕیارێك بدە و هەستی ئەویش بریندار مەکە، ڕێگا مەدە قسەی خەڵك کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دروست بکات، ئەگەر پێتوایە کارێکی باش ئەنجام دەدەیت و زیانی بۆ کەس نییە، ئەوا پێویست ناکات رای ئەو کەسانە وەربگریت، بیرۆکەی خۆت جێبەجێ بکە.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

مەهێڵە چەند گرفتێکی بچووك ژیانت تاڵ بکەن و کارەکانت بشێوێنن، پێویستە متمانەت بە خۆت بێت و ئەگەر دەتەوێت سەرجەم شتەکان لە بەرژوەندی تۆ دا بن، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەیت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بەم شێوەیە و بە ئاسانی سەرجەم خەونەکانت بێنەدی، پێویستی بە هەوڵدانی زیاتر هەیە.

**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەموو کەسێك ڕووبەڕووی ناخۆشی دەبێتەوە و نابێ بێ ورە بیت و بیتاقەتت بکات، ساتە وەختێکی خۆش ڕووت تێدەکات و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەسکەوتی باشت دەبێ، ئێستاش هیوا هەیە بۆ ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان خۆت و هاوڕێکەت، ئەویش ئارەزوو دەکات، قسەت لەگەڵ بکات، دەتوانن زیاتر لەجاران پەیوەندیی نێوانتان بەهێز بکەن.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

بڕیارەکانت جێگەی نیگەرانین و ماوەیەکی کارەکانت تێکەڵ کردووە، ئەنجامی ئەوەیە کە بیر لە کۆمەڵێك ئامانج دەکەیتەوە، پێویستە بەرە بەرە گرنگیان پێبدەیت و هەموویان کۆ نەکەیتەوە، کەسێکیش دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، بەڵام متمانەی پێت نییە، هەوڵبدە تۆ لێی نزیکتر ببیتەوە و دڵنەوایی پێشووشی بدەیتەوە.

**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەتوانی کەسانی دەوروبەرت لە یەکتر جیا بکەیتەوە و بزانە کامەیان لەلات گرنگە و کامیش دژایەتی تۆ دەکات، مەرج نییە هەموو هاوڕێیەك هاوڕێی ڕاستەقینە بێت، ئەگەر سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا، واز مەهێنە و بەردەوام بە تاکو پێی دەگەیت، زیاتر خۆشەویستی بە کەسی بەرامبەر ببەخشە، کەسێکی زیرەکی و بە توانای لە کارەکانت.